# نامەیەک

**ئا: سەرنووسەر**

**- نامەیەک لە (ع. ع. شەونم)ـەمەوە (١) بۆ ئازاد عەبدولواحید**

سلێمانی- ٢٠٠١/٤/٢٧

برای بەڕێزم مامۆستا ئازاد ڕۆژباش

هیوام شادمانی و تەندروستی و سەرکەوتنتانە لە ژیان.

نامە جوانەکەتم پێ گەیشت (٢)، زۆر سوپاس بۆ ئەو بایەخدانەتان بە گەیشتنە دیدارم.

ئەبوایە زوو بهاتمایە بۆ لاتان، هەروەکوو بەڵێنم دابوو، بەڵام چەن (د) تەگەرە (کە) یەک وەستانی، کە پێوەندی بە خۆم و باری تەندروستی و ژیانی خۆمەوە هەبوو (و) هیچی تر، واتە هۆیەکی دەرەکی تر منی دوانەخستووە، نامەی پێشوویشم ئەوە دەسەلمێنێ.

نەبێ بە قسەی جاری یەکەم کە نەهاتە دی، نیازم وایە پشت بە یەزدان تا (٢٠) ڕۆژی تر بە دیدارتان شاد بم و داخوازیتان بەجێ بهێنم (٣)، بەڵام هەروەکوو جاری پێشوو عەرزم کردن، هاتنەکەم ناخەمە چوارچێوەی (ی) دەعوەت و دەعوەتکارییەوە (٤). تا بە بینینتان شاد ئەبم، بەخواتان ئەسپێرم.

**ئیمزا**

**برای دڵسۆزتان: ع.ع. شەونم**

**٢٠٠١/٤/٢٧**

**پەراوێزەکان:**

(١) ع. ع. شەونم: شاعیر و نووسەرێکی دیاری کوردستانە، ناوی تەواوی عەلی عەبدوڵڵا سۆفی محەمەدە، لە ناوەندی ئەدەبیماندا بە ع. ع. شەونم ناسراوە. ساڵی ١٩٢٥ لە گەڕەکی پاشای شاری هەڵەبجە لە دایک بووە، هەر لە شارەکەی خۆی خراوەتە حوجرەوە، پاشان قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی مامۆستایانی لە شارەکانی هەڵەبجە و سلێمانی و بەغدا خوێندووە. ساڵی ١٩٤٥ لە کۆتایی دووەمین جەنگی جیهانیدا، (خانەی مامۆستایانی دێهات- دارالمعلمين الريفية)ی لە بەغدا تەواو کردووە، دوای (٣) مانگ، لە هەمان ساڵدا بووەتە مامۆستا، لە هەورامان و هەڵەبجە و شارباژێڕ و سلێمانی وانەی وتووەتەوە. بەهۆی هەڵوێستی سیاسی تووشی ڕاونان و گرتن و دوورخستنەوە بووە، لە گرتووخانەکانی سلێمانی


و کەرکـووک و شـارەکانی عێـراق لـە بەندیخانـە توندکـراوە. سـاڵی ١٩٤٣ یەکـەم شـیعری خـۆی بڵاوکردووەتـەوە، شـیعرەکانی پتـر نیشـتمانی و نەتەوەییـن، بەشـێکیان بوونەتـە سـروود، لەنـاو ئەوانـەدا سـروودی (جەژنـە جەژنـی کوردسـتانە، جەژنـی نەورۆزە)کەی بووەتـە ویـردی سـەر زمانـی کـوردان و بـەردەوام دەوترێتـەوە.

ع.ع. شـەونم بایەخێکی تایبەتـی بـە ئەدەبیاتـی منداڵان داوە، شـیعر و چیـرۆک و ئۆپەرێتـی بـۆ نووسـیون، لەڕێی کتێبـە چاپکراوەکانییـەوە بـۆ منداڵـە چاوگەشـەکانی کوردسـتان، گـرەوی خۆشەویسـتیی ئەوانـی بـۆ خـۆی بردووەتـەوە. لـە ژیانیـدا زۆر بایەخـی بـە زمانـی کـوردی داوە، فەرهەنگـی (کـورد واتەنـی)ی، بـە (١٠) بـەرگ چاپ کـراوە. لـە دانـان و وەرگێڕانـی کتێبەکانـی قوتاغـی سـەرەتاییدا، کاری زۆری کردووە، چەند سـاڵێک بەرپرسـی چالاکیـی قوتابخانەکانـی سـلێمانی بـوو، لەوێـش زۆر خزمەتـی بەهـرەدارەکان و بزاڤـی هونەریـی کـوردی کـرد. ئـەو نووسـەر و شـاعیرە، کەسـێکی فرەبەهـرە بـوو، لـە زۆر بـواردا، لەوانـە: شـانۆ، ئاوازدانـان و گۆرانـی، نیگارکێشـان، خۆشنووسـی، زمـان، مێـژوو، فۆلکلـۆر خزمەتـی زۆری کـردووە. بەرەبەیانـی ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٠، بـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا کۆچـی دوایـی کـرد و لـە شـاری هەڵەبجـە، لـە گۆڕسـتانی گـوڵان بەخاکیـان سـپارد.

(٢) کـە نووسـیویەتی: (نامـە جوانەکەتـم پـێ گەیشـت)، پێـش نامەکـەی ئـەو، مـن نامەیەکـم بـۆ نـارد و بـۆ شـاری هەولێـر بانگهێشـتم کـرد، بـۆ ئـەوەی گۆڤـاری ڕامـان میوانـداری بـکا و چەنـد ڕۆژێـک لەلامـان بمێنێتـەوە، ئـەوە بـوو وەک خـۆی نووسـیویەتی و بەڵێنـی دا، دوای (٢٠) ڕۆژ هاتـە هەولێـر.

(٣) دەڵـێ: (بەدیدارتـان شـاد بـم و داخوازیتـان بەجـێ بهێنـم)، داخوازییەکـەی ئێمـە و میواندارییەکـە بـۆ گفتوگۆیەکـی بەرفـراوان و دووروودرێـژ و تایبـەت بـوو بـۆ گۆڤـاری ڕامـان، کـە لـە پـاش هاتنـی بـۆ هەولێـر و دابەزینـی لـە هوتێلـی چوارچـرا، گفتوگۆکەمـان لەگەڵـی سـاز کـرد، گفتوگۆکـە لـە ژمـارە (٦١)ی ڕۆژی ٥/ ٧/ ٢٠٠١دا بڵاوکرایـەوە، دواتـر لـە لاپـەڕە ٢٨٨ تـا ٣١١، لـە بەرگـی دووەم، لـە دووتوێـی کتێبـی دیالـۆگ، چـاپ کـرا.

(٤) ئـەم میوانداریيـەی م. ع. ع. شـەونم و بانگهێشـتکردنی بـۆ شـاری هەولێـر، یەکێکـە لـەو کارانـەی شـانازی پێـوە دەکـەم، چونکـە بێجگـە لـەوەی دوای ماوەیـەک لـە یەکتـر دابـڕان و یەکتـر بینیـن، هاتنەکەشـی گفتوگۆیەکـی جوانـی لـێ کەوتـەوە. سـەرەتای سـاڵی ٢٠٢٠ لـە سـلێمانی، لـە ماڵەکـەی سـەردانم کـرد، پێکـەوە پـرۆژەی گفتوگۆیەکـی بەرفراوانمـان دانـا کـە لـە سـەردانی جـاری دادێ دەسـتی پـێ بکەیـن و دوایـی بکرێتـە کتێـب، بـەڵام بەداخـەوە لـە ٢٠٢٠/١٠/١٠ کۆچـی دوایی کرد و نەمبینییـەوە، پرۆژەکەشـمان جێبەجـێ نەکـرا.


سلێمانی ب ٢٧/٤/٢٠٠١
برای بەڕێزم ماموستا ئازاد ...
هیوام شادمانی و تەندروستی و سەرکەوتنتانە لە ژیانا.
نامە جوانەکەتم پێ گەیشت زۆر سوپاس بۆ
ئەو بایەخ دانەتان بە گەیشتنە دیدارم
...
وایە لێت بپەرژان تا (٢٠) ڕۆژی تر بەدیدارتان
شاد بم و داخوازیتان بەجێ بهێنم بەڵام هەر
...
تا بە بینینتان شاد ئەبم بە خواتان ئەسپێرم
برای دڵسۆزتان ع. ع. شەونم
٢٧/٤/٢٠٠١